# پەیامی
# کۆمیتەی هاوکاری هێزەسیاسیەکورد و کوردستانیەکان
# بە بۆنەی دەسپێکردنی ساڵی تازەی زایینییەوە

هاونیشتمانە بەرێزەکان!
لە هەلومەرجێکدا ساڵی2004 ی زایینی بەجێ دێڵین و بەرەوپیری ساڵی نوێ دەچین کەنیشتمانەکەمان کوردستان بە قۆناغێکی زۆر هەستیار و چارەنووس سازدا تێدەپەڕێ.
ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دووابییەی جیهان و ناوچەکەپەیامی ئاڵوگۆڕی جیدی تێدایە و دەبێ بەباشترین شێوە ئەم ئاڵوگۆڕانە بەقازانجی نەتەوەکەمان بقۆزینەوە.ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەردەم گۆڕانکاری دایە و بێشک ئەم گۆڕانکاریەش بێ چارەسەری مەسەلەی کورد ناتەواو دەبێ.
نەتەوەی کورد بەدرێژایی سەدەی بیستەم لە خەباتێکی دژوار و خوێناویدا بووە بۆ دابینکردنی مافەکانی خۆی و هەرجارەش بە پیلانێکی هاوبەشی دوژمنەکانمان پێشی سەرکەوتنی شۆڕشە جۆراوجۆرەکانی کورد لەهەرکام لەبەشەکانی کوردستاندا گیراوە.
لە ساڵی 2004 دا خەباتی نەتەوەکەمان لە هەموو کوردستان بە گشتی و لە باشووری کوردستان بە تایبەتی دەسکەوتی گرینگیان وەدەست هێناوە. یەکەمجارە لە مێژووی هاوچەرخدا هەموو ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردابەشکراوە دەگەڵ زلهێزەکانی جیهان بەگشتی وئەمریکا بەتایبەتی بەرژەوەندییەکانیان کەوتووەتە دژایەتی.
تورکیە گوشارێکی زۆری سیاسی_ئابووری لەسەرەو ناچارە بۆ کەمکردنەوەی ئەم گوشارانە لە وڵاتدا ریفۆرم بکا و بەشێوەیەک لە شێوەکان ددان بەمافی نەتەوەکەماندا بێنێ،هەرچەند هێشتا بە راشکاوی باسی کورد و کوردستانی دەگەڵ نایەتە گۆڕێ و ئەم مافەیان لە توێی دەستەواژەی "مافیمرۆڤ،ئازادی رادەربڕین وخۆگونجاندن دەگەڵ پێوەرەکانی ئوروپا بۆ مافیمرۆڤ" پێچاوە.
کۆماری دژیگەلی و کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێرانیش،رووی راستەقینەی بۆ وڵاتانی جیهان دەرکەوتووە و روون و ئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامی ئێران لانکی تیرۆڕ و تیرۆریزمە لە دنیادا.مانەوەی ئەم حکومەتە دژی ئینسانییە لە دەسەڵاتدا،بەتایبەت ئێستا کە خەریکی بەرهەمهێنانی چەکی ناووکی و کۆمەڵکوژەناوچەکەو جیهان تووشی کارەسات دەکا.هەر ئێستا ئەم رژێمە کۆنەپەرستە گەورەترین کۆسپی رێگای سەقامگرتوویی عێراقە و تا ئەم رژێمە لە سەرکار بێ سەقامگیری عێراق زیاتر وەک خەون دەچێ تا راستی.
رژێمی بەعسی سوریەش ئەگەر خۆی دەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی ئەم سەردەمەنەگونجێنێ،چارەنووسێکی باشتر لە رژێمی بەعسی عێراقی نابێ ودرەنگ یان زوو خەونی ئیمپراتۆری شێعە لە ئێران تا سوریە دەباتە ژێر گڵ.
لە باشووری کوردستان بە هەوڵ وخەباتی هێزە سیاسیەکانی بە گشتی و پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بە تایبەتی،خەباتی نەتەوەکەمان گوێزراوەتەوە بۆ قۆناغێکی نوێ. ئەم قۆناغەنوێیەش زیاتر لە هەمیشە یەکدەنگی و یەک هەڵوێستی ریزەکانمان لێ دەخوازێ.بڕیارە وڵاتی عێراق سەرلەنوێ بە شێوازی دێموکراتی، فیدراڵی دامەزرێتەوە،لە وەها هەلومەرجێکدا ئەرکی سەرشانی هەموومانە بە هەموو توانامان هەوڵی سەرکەوتنی خەبات و ئەزموونی باشووری کوردستان بدەین و لەم رێگایەدا یاریدەدەر و پشتیوانیان بین.
یەکەمجارەلە مێژوودا نەتەوەکەمان لە باشووری کوردستان هەلی ئەوەی بۆ رەخساوەراستەوخۆ و بێ دەستێوەردانی داگیرکەران بتوانێ بەشداری لە هەڵبژاردنندا بکاو رێژەی راستەقینەی خۆی لە ژێرچاوەدێری رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا بسەلمێنێ.بەشداری لەهەڵبژاردنەکانی کوردستان و عێراقدا ئەرکێکی نیشتمانییە.دەبێ گێڕانەوەی کەرکوک وناوچەکوردنشینەکانی دیکە بۆ باوەشی هەرێمی کوردستان بکرێتە بەرنامەی کاری هەموو هێزە کوردیەکان وهیچ سات و سەودایەک لەسەر کەرکوک نەکرێ و جێبەجێکردنی مادەی 58 لە دەستووری کاتی عێراق مەرجی

بەشداری کورد بێ لە دروستکردنەوەی عێراقی نوێدا.
تەجروبەی باشووری کوردستان ئەو راستییەی سەلماندووەکە لە بەرژەوەندی نەتەوەکەماندایە، هێزە کوردستانییەکان پێش هەرچەشنە گۆڕانکارییەک لە وڵاتانی ناوچەدا یەکبگرن و وێکڕا بەرەو پیری ئاڵوگۆڕەکان بچن. بەو هیوایەی ساڵی داهاتوو ساڵی سەرکەوتنی یەکجارەکی نەتەوەکەمان بێ و دەسکەوتی زۆرتر و گرینگتر وەدەست بێنێ.

کۆمیتەی

هاوکاری

هێزەسیاسیەکورد و کوردستانیەکان

سوید

2004/12/31